# ئاسایشی نەتەوەیی(الامن القومی)

نووسینی: عومەر ئەمین عەلی
omer_raniya@yahoo.com



ئاسایشی نەتەوەیی هەر نەتەوەیەک لەهەڵسوکەوتی هەر تاکێک لە تاکەکانی ئەم نەتەوەیەوە دەست پێدەکات، کە چۆن و بەچ شێوازێک هەڵسوکەوت لەگەڵ پێشهاتەکاندا دەکات، کەواتە پتەوی ئاسایشی نەتەوەیی پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی هەیە لەگەڵ پلەی ڕۆشنبیریی تاکەکانی کۆمەڵ و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان، کەواتە لەزۆر لەبوارەکاندا لەپێناوی ئایندەی نەتەوەدا دەبێت پێ لە جەرگی خۆماندا بنێین و لەلایەکەوە نەهێڵین لەشۆڕشە ڕۆشنبیرییەکە دوا بکەوین و لەلایەکی تریشەوە دابونەریت و ڕابردووەکەمان نەبێت بەگرێکوێرەیەک لەبەردەم بەرژەوەندییە داهاتووەکانی نەتەوەدا.

لەپەیامە ئەرز و ئاسمانییەکاندا شانازی بەوەوە دەکرێت، کەمرۆڤ خاوەنی نەتەوەیەکە و پابەندە بەتایبەتمەندییەکانی ئەم نەتەوەیە، کەواتە هەموو هەوڵێک مافێکی ڕەوایە بۆ پاراستنی ئایندەی نەتەوە بەمەرجێک سنووری بنەما بنەڕەتییەکان نەبەزێندرێت لەبیروباوەڕ و ڕەوشت و ویژدان و مافی نەتەوەکانی تر، هەرچەندە زۆر لەنەتەوەکان گوێ بەم سنوور بەزاندنەش نادەن لەپێناوی ئایندەی نەتەوەکەی خۆیان، هەروەکو چۆن فارسەکان لەسەرەتای ئاینی ئیسلامدا لەترسی ئەوەی نەوەک لەژێر سێبەری ئیسلامدا بکرێن بەپاروویەک و لەبەرژەوەندی نەتەوەی عەرەبدا قووت بدرێن، هەستان ئاینەکەیان لەت کردو کەوتنە پەیڕەوی کردنی ئەو لەتەی کە لەبەرژەوەندی ئایندەی نەتەوەکەی خۆیاندایە، بەشێوەیەکی ژیرانە کەڵکیان لەو خاک و خۆڵەش وەرگرت کە بەپیرۆزی دەزانن، بەوەی کە بەسەر تاکەکانی ڕێبازەکەی خۆیاندا سەپاند هەر تاکێک پێویستە لەکاتی نوێژکردندا بەردەمۆرە بەکاربێنێت، بۆئەوەی ببێتە بنەمایەکی ئابووری بەهێز بۆ ڕێبازەکەی خۆیان، کە ئەمەش لەم ڕۆژگارەدا بازرگانی پێوەدەکرێت لەنێوان دەوڵەتانی شیعە نیشیندا، هەروەها لەڕۆژگارێکدا کەدەوڵەتی جولەکە دامەزرا ژمارەی جولەکەکان یەجگار کەم بوو لەچاو ژمارەی عەرەبەکاندا، و پێکهاتەی جەستەیی جولەکەکان وەهایە کە وەچە و نەوەی کەمتریان لێدەکەوێتەوە لەچاو عەرەبەکاندا، بۆیە جولەکەکان ناچاربوون پەنا بۆ بەر هەموو شێوازێک بەرن لەپێناوی مانەوەی خۆیاندا لە ڕووبەڕوو بونەوەکەیاندا لەگەڵ عەرەبەکان، بۆیە کەوتنە خۆیان بۆهێنانی هەزاران ئافرەتی ڕۆژئاوایی بۆناو سوپاکەیان، بەهۆی گرێبەستێکەوە لەگەڵ ئەو ئافرەتانەدا بەوەی کە هەر ئافرەتێک بڕە پارەیەکی دیاریکراو وەردەگرێت لەبەرامبەر ئەوەی بەهۆی تێکەڵبوونیان لەگەڵ سەربازە جولەکەکاندا منداڵێکی ببێت و منداڵەکە بدرێتە دەست حکومەتی جولەکەو پاشان ئافرەتەکانیش تەواوی مافەکەی خۆیان وەربگرن و بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان، بەم پێیە لەماوەی ساڵێکدا توانیان سوپایەکی گەورە لەمنداڵانی زۆڵ پێکەوە بنێن، ئینجا لەبەرئەوەی کە دایک و باوکی ئەو منداڵانە نەناسراو بوون بۆیە سوپای جولەکە بەبەرنامەیەک کەوتە پەروەردەکردنی ئەو منداڵانە بەو شێوازەی کە خۆی مەبەستیەتی، پەروەردە کردنی منداڵەکان بەردەوام بوو تاگەیشتە ئەوەی فلیمی سۆزو خۆشەویستی دایک و باوکایەتیان

نیشان بدرێت ئەویش بۆ مەبەستێک، مەبەستەکەش ئەوەبوو کە هەستی ئەومنداڵانە بورژێنن و پرسیارێک بکەن، پرسیارەکەش ئەوەبوو منداڵەکان بەداخ و پەژارەوە دەیانپرسی ئەی کوان دایک و باوکەکانی ئێمە؟ ئەوانیش زۆر بەراشکاوانە وەڵامیان دەدانەوە کە دایک و باوکەکانی ئێوە عەرەبەکان کوشتیانن، هەر لەوێوە تێیان دەگەیاندن کە عەرەب دوژمنی سەرسەختی ئەوانە، ئەو منداڵانە ڕق و قینەیەکیان لەناو دڵ و دەرووندا دروست دەبوو دژی عەرەبەکان، جا کاتێک کە گەورە بوون و هەرهەموویان خرانە ڕیزی سوپاوە، ڕق و قینی هەریەکێک لەو منداڵانە ڕۆڵی سوپایەکی دەبینی لەبەرامبەر هێزی عەرەبەکاندا بەشێوەیەک کە شوێنەوارەکەی هەتا ئێستاش کاریگەرە لەسەر ئەنجامی هاوکێشەکان بەوەی کە دوو ملیۆن جولەکە ڕووبەڕووی سێ سەد ملیۆن عەرەب بوونەتەوە. تورکەکان چەند سەدەیەک ئاینی ئیسلامیان بەکارهێنا بۆ خزمەتی نەتەوەکەی خۆیان کە شوێنەوارەکانی هەتا ئێستاش لەزۆربەی وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکاندا بەدی دەکرێت، جا ئەوەی کە مەبەستمانە ئێمەی کورد کە ئیمڕۆ خاوەنی حکومەت و پەرلەمانی کوردستانین ئایا دامەزراوەیەکی نەتەوەییمان هەیە بۆ پارێزگارییەکی درێژخایەن بۆ بەرژەوەندییەکانی نەتەوە؟ ئایا دەکرێت دەزگا هەواڵگرییەکانی ڕەنگەکانی ناو حکومەت و پەرلەمانی کوردستان جێگەی ئەم دەزگا نەتەوەییە بگرنەوە؟ ئایا چی باشە بکرێت بۆ ئایندەی نەتەوە؟ بەدڵنیاییەوە دەزگا هەواڵگریەکانی ڕەنگەکانی ناو مەیدانەکە بەهیچ شێوەیەک ناتوانن ئەم ئەرکە نەتەوایەتییە بگرنە ئەستۆ، لەبەر دەیان هۆ، کەیەکێک لەم هۆیانە تێک نەکردنەوەی فەرهەنگی ڕۆشنبیری و ڕامیاری ڕەنگەکانی ناو مەیدانەکەیە، کە هەروەکو چۆن حکومەتەکەی لەت کردووە ئەم دەزگا نەتەوەییەش لەت لەت دەکات و نەتەوە کەڵکی لێوەرناگرێت، کەواتە باشترین ڕێگە بۆ بوونی ئەم دەزگا نەتەوەییە ئەوەیە کە بڕگەیەکی یاسایی بنبڕ بێت لە بەندەکانی دەستووری هەرێمی کوردستاندا، کە لە هیچ سەردەمێکدا کام لەڕەنگەکانی مەیدانەکە نەتوانن بۆ بەرژەوەندی خۆیان کەڵکی لێوەربگرن، جا ئایا لەماوەی پانزدە ساڵی تەمەنی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان ئەم دەزگایە لەدایک بووە؟ ئەگەر هەیە هەتا ئێستا چی کردووە بۆ ئایندەی نەتەوە؟ واپێویست بوو بەلای کەمەوە لە دوای پرۆسەی ڕزگارکردنی عێراقەوە کورد خاوەنی ئەم دەزگا نەتەوەیە بوایەو شوێنەوارەکانیشی بەدەرکەوتبان لە ناوچەکەدا، ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی فیدراڵی و ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەوەی سەلماند کە ڕێژەی کورد لە مەیدانەکە ڕێژەیەکی ناو ئاخنە لەکاتی بەیەک بوونی دەنگی شیعەو سونەی عەرەب لەسەر کێشە چارەنوسسازەکانی وەکو ماددەی (١٤٠)، کەواتە وەکو بەرژەوەندییەکی نەتەوەیی پێویستیمان بەوە هەبووە کە بەپەلەو بەبەکارهێنانی هەموو شێوازێکی ڕەواو گونجاو هەوڵی زیادکردنی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان درابا بۆئەوەی بوونمان لەمەیدانەکەدا بەشێوەیەکی بەهێزتر بایە، من ناڵێم بائێمە لاسایی جولەکەکان بکەینەوە، بەڵام واش پێویستبوو کەئێمە بەشێوەیەکی بەهێزتر و باشتر هەبووینایە، دەکرا لەڕێگەی دەزگایەکەوە پشتیوانییەکی بەهێز لەکوڕان و کچان بکرابایە بۆئەوەی بەئاسانی کاری ژن و مێردایەتی ئەنجام بدەن، ئەویش بەوەی کە کارئاسانیان بۆکرابا لە دابینکردنی زەوی و دیاریکردنی بڕێک یارمەتی بۆ پێکەوەنانی خێزان و پێکهێنانی دەزگایەک بۆ چاودێری کردنی گەشەو باری تەندروستی منداڵان، دەکرێت هانی دایک و باوکەکان بدرێت و لەهەمان کاتدا کارئاسانیان بۆ بکرێت بۆئەوەی خێزانەکانیان فراوانتر بکەن، بۆنمونە دەسەڵاتی دەوڵەت دەتوانێت لەماوەی پێنج ساڵدا ڕێژەی (١٧٪)ی بوونەکەی خۆی لەپێکهاتەی عێراقدا بگۆڕێت بۆ ( ٢٥٪ )، من دڵنیام لەوەی کە بۆ هەر لەدایکبونێک بڕەپارەی نرخی چل بەرمیل نەوتی خاوی بۆ خەرج بکرێت ئەوا لەکۆتایی (٢٠١٥)دا ژمارەی کورد لە عێراقدا لە (١٠)ملیۆن کەس تێدەپەڕێت. لەهەمان کاتدا دەکرێت باری ژیان لەکوردستان وەها خۆش بکرێت کە کوردەکانی هەندەران بەخۆیان و بەخێزانەکانیانەوە بگەڕێنەوەو شتێک لە پارسەنگەکە بگۆڕن، جا بەهیوای ئایندەیەکی ڕوون بۆ نەتەوەکەمان ئومێدەوارم هەر تاکێک لە تاکەکانی کۆمەڵ زیرەک و وشیار بێت لەبەرامبەر ئەرکە نەتەوایەتییەکان و ئەرکەکان لە پاک ڕاگرتنی کوچەو کۆڵان و شەقام و سەیرانگاکانەوە دەستپێبکەین و دەزگای ئاسایشی نەتەوەییش جێگەی ڕەزامەندی تاکەکانی کۆمەڵ بێت.